Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.08.29 02:04:26 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# پاژنەی ئاخیلی ینک

**حەمەسەعید حەسەن**

کە کوردێک، بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە کام لایەن، یان پارچەی کوردستانە کارێکی چاک دەکا، سەری هەموو کورد بڵند دەکاتەوە. کە کوردێک کچەکەی خۆی دەکوژێت، ئەوە دەبێتە پەڵەیەک بە تەوێڵی هەر یەکێکمانەوە، ئیدی با هەزار و یەک ناکۆکیشمان لەگەڵ ئەو ژنکوژەدا هەبێت. کە جەلال تاڵەبانی بە بەر چاو و لە نزیک گوێی  هەموو میدیاکانی دنیاوە ئەمرۆ قسەیە فڕێ دەدات و سبەی لێی پاشگەز دەبێتەوە، کورد بە گشتی شەرم دای دەگرێ، ئاخر دنیا ئەو وەک سەرکردەیەکی کورد دەناسێت، با ئێمە هەرگیز ئەو گوڵەشمان لە بەرۆکی نەدابێت.

(ئێمە بە گەرمی پێشوازی لە ئەمریکا دەکەین و ئەگەر یارمەتیمان بدات، بەو سەدهەزار پێشمەرگەیەی هەمانە عێراق ڕزگار دەکەین.) ئەوە کەسێ نییە لەو سەرکردەیە بپرسێت: ئەگەر تۆ خاوەنی سەدهەزار چەکداری گیان لەسەر دەستیت، سەرەتا بۆچی ناچی (ب)یارە ڕزگار بکەی، ئەوسا بیر لە ئازادکردنی (ب)ەغداد و (ب)ەسرە بکەیەوە؟ ئەوە کەسێ نییە بەو ڕێبەرە بڵێت: ئەگەر ئەمریکا بە تەنیا، یان بە هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی عێراقی بەعس بڕووخێنێت، ئەوا کورد بێ ئەوەی بووبێت بە کەواسووری بەر هیچ لەشکرێک، دەتوانێت دەست بە سەر تەواوی کوردستاندا بگرێت؟

پاژنەی ئاخیلی ینک، خودی سکرتێرەکەیەتی، ئاخر ڕابردوویەکی زۆر تەڵخی هەیە، کە دەکرێ لە دوو وشەدا چڕ بکرێتەوە: بێگانەپەرستی و براکوژی. کورد لە ئەنجامی سیاسەتی هەمیشە هەڵەی ئەوەوە، گەلێ جار تووشی کارەسات هاتووە، کەچی پەندێکی لە تێکشکانە زۆر و زەبەندەکانییەوە وەرنەگرتووە و دیسانەوە بە وروژاندنی بەعس گەرەکییە گەلەکەمان دووچاری ژاربارانێ، ئەنفالێ یان کۆڕەوێکی دیکە بکاتەوە. کوێت و سعوودیە گەرچی دوژمنی ڕاستەقینەی بەعسن و زۆر لە کوردیش بەهێزترن، وەلێ بە تەرازووی زێڕ گوتەکانیان دەکێشن و هیچیان بەعسی بریندار لە خۆیان ناورووژێنن.

جەلال تاڵەبانی کە لەسەر خواستی عێراق شەڕی پدک و لەسەر داوای ئێران  و سوریا شەڕی ڕژێمی عێراق و لەبەر دڵی تورکیاش شەڕی پەکەکەی کردووە، هەمیشە ئەو وڵاتە (بچووکانە) ڕۆڵی مەقاشیان پێ سپاردووە، ئیدی کەی ڕێی تێ دەچێت، تاقە زلهێزەکەی دنیا لە گەمەیەکی گەورەدا ڕۆڵی یاریچی پێ ڕەوا ببینێ؟

ئەمریکا لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا تفی کردە ئەو گۆلی خوێنەوە کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا لەبەر کورد ڕۆیشت و تەنانەت کە بەعس  کوردستانی خاپوور و کوردی ئەنفال و ژاربارن کرد، نەک هەر چاوپۆشی لەو جینۆسایدانە کرد، بەڵکوو لە جەنگی نێوان عێراق و

ئێراندا، لایەنی عێراقی گرت و سەروەختی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١یش لە نێوان ڕاپەڕیوان و بەعسدا، سەنگەری بەعسی هەڵبژارد، ئیدی متمانەی کوێرانەی جەلال تاڵەبانی بە ئەمریکا، لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟
کە ینک بانگەشەی ئەوە دەکا پشتیوانانی ئیسلام سەر بە قاعیدەن و ماددەی (ڕیسین)شیان تاقی کردووەتەوە، ئەوە هاوزەمان داوەتکردنی لەشکری عێراق و ئەمریکایە بۆ هەورامان. عێراق بۆ ئەوەی بە پێشکەشکردنی سەری مەلا کرێکار دڵی ئەمریکا نەرم بکا، (ئاخر ‹ئەبونیزال›یشی بە هەمان مەبەست کوشت،) ئەمریکاش بە بیانووی بنەبڕکردنی تیرۆرەوە.
ئایا ئەم سیاسەتە چەوتەی ینک ڕێی تێ ناچێت کۆرەوێکی لێ بکەوێتەوە؟ ڕژێمی عێراق لەوپەڕی لاوازیشدا دەتوانێ زەبرێکی کوشندە لە کورد بدات، ینک سەرقاڵی ئەوەیە بیانووی زەبروەشاندنێکی دیکەی بداتە دەست.
ینک بەرامبەر لایەنە کوردییەکان ڕەقە وەک بەرد، لێ بەرامبەر بێگانە و داگیرکەر نەرمە وەک لۆکە. کە چەخماخ ئۆغلۆ(١) گوتی: (باکووری عێراق بەشێکە لە تورکیا،) بەهرۆز گەلاڵی(٢) لایەنی بن چەخماخی(٣) گرت و کەوتە پەسندانی پێوەندیی گەرمی نێوان ینک و تورکیا.(٤) هەڵوێستی نەرم و نیان و نانیشتمانییانەی یەکێتیی نیشتمانی لە بەرامبەر تۆرانییەکانی کوردستان و ڕژێمی تورکیادا، یەکێکە لەو هۆکارانە کە تورکیا هان دەدات، بەردەوام دەست بخاتە کاروباری کوردستانەوە.

٢٠٠٢/٨/٢٩

(١) وەزیری جەنگی تورکیا.
(٢) نوێنەری ینک لە ئەنکارە.
(٣) بن، بە مانای ئۆغلو دێت. لەسەر شێوەی بن لادن دامرشتووە.
(٤) برایەتی ٢٠٠٢/٨/٢٥ لاپەڕەی یەکەم.